# بەشی یەکەم
# ناساندنی توێژینەوە

1.پێشەکی

2.کێشەی توێژینەوە

3.ئامانجی توێژینەوە

4.گرنگی توێژینەوە

5.سنوری توێژینەوە

6.دەست نیشان کردنی زاراوەکان

## بەشی یەکەم / ناساندنی توێژینەوە

### 1. پێشەکی :

قۆناغی منداڵی بە بەردی بناغەی دروستبوونی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە منداڵ چەندین وزە و ئامادەکاری و بەهرەی سروشتی و سەوداوە دێتە دونیاوە بەم شێوەیە کەسایەتییەکەی دروست دەکات بۆئەوەی دواتر جیاواز بێت لە کەسایەتییەکانی تر، بۆیە زانایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە جەختیان لەسەر گرنگی ئەم قۆناغە بۆ منداڵ کردۆتەوە. (حماد، 2008 :ل2) .

قۆناغی باخچەی منداڵان ئەو قۆناغەیە کە تێیدا منداڵ لە جوارچێوەی خێزانەوە دەچێتە دەرەوە بۆ ژینگەیەکی فراوانتر، کە بریتییە لە باخچەی منداڵان ئەمەش لەبەر ئەوەی کە باخچەی منداڵان مامۆستا و هاوکار و هاوپۆل و کەسی تر کە منداڵ لە دونیا نوێیەکەی چاوی پێ دەکەوێت، بەم شێوەیە چەندین زانیاری و ئەزمونی نوێی بۆ زیاد دەبێت، هەماهەنگی و هاوکاری خێزان لەگەڵ باخچەی منداڵان کارێکی زۆر گرنگە لە پێناو پێشخستن و گەشە پێدانی ئەم قۆناغە لە ژیانی منداڵدا یارمەتیدانی بۆ گونجان و گەشە لەگەڵ جیهانی دەورووبەری و پێشبینی کردنی قۆناغەکانی تری گەشە و فێربوون (ابو شعیرة، 2010 :ل3) .

لەبەر ڕۆشنایی گرنگی قۆناغی باخچەی منداڵان، لەم سەدەیە گرنگیدانێکی زۆر بە قۆناغی باخچەی منداڵان دراوە، بەتایبەتی لە لایەن پسپۆران و دایکان و باوکانەوە وە تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، گرنگیدان بە منداڵ گرنگیدانە بە کۆمەڵگە، بۆیە گرنگیدان بەم قۆناغە بە یەکێک لە گرنگترین ستاندار دەکان دادەنرێت کە بۆ پێوانی گەشە و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگاکان بەکار دێت کە گرنگترینیان بەرنامەی پەروەردەی ئامانجدارن، هەروەها چالاکییەکان کە پەیوەندییان بە پەرەپێدانی هەست و هوونەر و ئەدەبییە جیاوازەکانەوە هەیە کە مەیلی و پێداویستییەکانی تێر دەکەن و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم قۆناغە، ئەو ئەتەکێتە ڕەفتاری ئیسلامی و بەها و ڕەوشتە ئایینییەکان لە گرنگترینیانن، ئەمەش جگە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی نوێی ژیانی لەسەر بناغەیەکی دروست و پەروەردەیەکی باشی ئیسلامی (الدعیلج، 2008 :ل125).

ئەو چالاکیانەی کەلەلایەن باخچەی منداڵان بۆ منداڵ دابیندەکرێت جۆراوجۆرن ، ئەمەش یارمەتی دەر بۆ پەرەپێدانی تواناکانی منداڵ بۆ توانای مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ دەورووبەری ، مامۆستای باخچە ئەرکێکی گەورەی هەیە چونکە دەبێت منداڵ فێری کارامەیی گرنگ بکات لەڕێگەی ئەو چالاکیانەی کە پێشکەشی دەکات لەباخچەی منداڵان ، پێویستە لەسەری جیاوازییە تاکایەتیەکان لەبەرچاو بگرێت لەمیانەی پێشکەشکردنی ئەو چالاکییانە لەنێوان منداڵدا.

دیاردەی جیاوازی تاکایەتی یەکێکە لە تایبەتمەنندیە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ ، بەو پێیەی تاکەکان لەئاستی دەروونی و هۆشیار و بیری جیاوازن هەندێکیان بەزیرەکی جیادەکرێنەوە ، ئەوانەی کە زیرەکیان مامناوەندە ، ئەوانەی زیرەکیان نزمە ، ئەمە جگە لە جیاکردنەوەی بەهرەکانیان و تایبەتمەندییە جەستەییەکان ، دەروونیەکان ، ڕەفتارییەکان ، یان کۆمەڵایەتیەکان ، مرۆڤەکان ، لەتوانا جەستەیەکان جیاوازن ، وە ئەقڵیەتیەکانیان ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاک توانای جیاوازی هەبێت لەکارکردندا و بەدەسهێنانی زانیاری و دەسکەوتی زانستی (ربیع ومشعان ، 2006 : ل23).

## 2. کێشەی توێژینەوە :

قۆناغی منداڵی بەقۆناغێکی ژیانی منداڵ تەنانەت بە ژیانی مرۆڤ دادەنرێت بە شێوەیەکی گشتی کە تێیدا گەشەی خێرا دەبێت ئەم قۆناغە کۆمەڵێک گۆڕانکاری خێرا لە منداڵ ڕوودەدات ، وەک سەربەخۆیی وردە وردە ، پرسیاری زۆر ، حەزێک بۆ دۆزینەوە ، خۆشەویستی بۆ فێربوون دەربارەی شتەکان ، جۆرە جیاوازەکان و پەیوەندیەکانیان بەیەکەوە ، جیاوازییە تاکایەتیەکان لەبەرچاوگرتنی یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکان کە یارمەتی منداڵ دەدات تاوەکو پێوانی خودی خۆی دەرببڕێ بتوانێ پەیوەندی لەگەڵ کەسی تر دروست بکا پشتگوێ خستنی ئەم جیاوازییە تاکایەتیانە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی هەوڵی پڕاکتیکی و پیشەیی و دارای و کات کەمافی باخچەی منداڵان بۆهێنانەدی ئامانجی پەروەردەیی دوردەخاتەوە.

لەئەنجامی چەندین توێژینەوە و تاقیکردنەوە کە ئەنجام دراوە بۆزانینی ڕاستی ئەم بابەتە ، دەرکەوتوە و سەلمێنراوە کە جیاوازی لە زیرەکی و کەسایەتی و ئەخلاقی دا هەیە لە سروشتی مرۆڤەکاندا وە لەتوانای کارکردنیان و ئەمەش ئەوەیە کە مامۆستا دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا ئاگاداری ئەمە بێت ، چونکە منداڵان جیاوازیەکی زۆریان لەنێوان خۆیاندا هەیە ، سەرەڕای نزیکی تەمەنیان لەیەکتری ، بەڵام هەندێکیان لەچەندین تایبەتمەندیدا جیاوازن لەهەندێکی تر چونکە هیچ لەو منداڵانە یەکسان نین لەڕووی ئەو سیفاتانەی کە لەیەکتری جیایان دەکاتەوە هەرچەندە لەتەمەندا لەیەکتر دەچن ( هاوشێوەن ) ( ربیع ومشعان، 2006 : ل27) .

مامۆستای باخچەی منداڵان زۆر ڕۆڵی سەرکەوتوو ئەنجام دەدات و چەندین ئەرکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات کە پێویستیان بەکارامەیی تەکنیکی جیاواز هەیە ، کە ئەستەمە بە شێوەیەکی ورد باسی لێوەبکەین ، ئەگەر مامۆستا لە قۆناغەکانی تری خوێندندا شارەزایی لە بابەتێکی زانستی دیاریکراو بەڕێوبردنی پۆلدا هەبێ ، ئەوە مامۆستای باخچەی منداڵان کە بەرپرسیارە

لەهەمووئەوشتانەی کە منداڵ فێری دبێت ، جگە لە ئەرکی پێگەیاندن و هەماهەنگی لە گەشەی گشت منداڵان لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیاندا مامۆستای باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و گەشەکردنی ، چونکە هەڵدەستێ بە ڕۆلی دایک و پێشوازی دەکات لەو منداڵانەی کەلە کەشوهەوای ماڵەوە لەناکاو دەگوازرێتەوە بۆناو پۆل ( بحري ، 2009 : ل٢٥).

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەسنیشانکردنی ڕۆڵی باخچەی منداڵانە لەڕێگەی ئەم پرسیارە سەرەکیانەی خوارەوە :

١ -ڕۆڵی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان چیە ؟

لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە تاکایەتییەکانی منداڵ لە پێش قۆناغی قوتابخانە لە شاری هەولێر ؟

٢- ئەو ڕێگا چارانە چین کە یارمەتی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان دەدات لە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی نێوان منداڵان بەر لە قۆناغی قوتابخانە وەک چۆن بەڕێوبەرانی باخچەی منداڵان دەیبینێت لە باخچە حکومیەکانی شاری هەولێر ؟

## 3. ئامانجی توێژینەوە:

خوێندەوە سەرەتاییەکان باس لە ئامانجی سەرۆک دەکات کە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان لە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی منداڵانی پێش قۆناغی قوتابخانە لە شاری هەولێر.

وە لەم ئامانجە چەندینی تر و ئامانجی بچووکتری لێ دەبێتەوە کە بریتین لە:

1- دەستنیشان کردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگری لە دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان ئەکەن لە جێبەجێکردنی ڕۆڵی خۆیان لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی منداڵانی پێش قوتابخانە، وەک لە لایەن بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی حکومی لە شاری هەولێردا بینراون.

2- دەستنیشان کردنی و ڕێگا و ڕێکارانەی کە یارمەتی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان دەدات بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵی خۆیان لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی منداڵانی پێش قوتابخانە، وەک و بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵان لە قوتابخانە حکومییەکان لە شاری هەولێر.

## 4: گرنگی توێژینەوە :

**أ/ گرنگی زانستی:**

1- گرنگی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە باخچەی منداڵان دەیگرێتە بەر لە فێرکردنی کارامەیی سەرەتایی منداڵان ئامادەکردنی بۆ ئەم قۆناغە سەرەکییە.

2- کەم توێژینەوە هەیە کە باسی ڕۆڵی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵانی کردبێت لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی منداڵانی پێش قوتابخانە.

**ب/ گرنگی پراکتیکی:**

بەرپرسان دەکرێت یارمەتی دەر بن بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی چالاکییەکان بە باشترین شێوە لەپێناو ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵان لە باخچەی منداڵان دا، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و ئەنجامەکانی توێژینەوەی زانستی.

## 5. سنوری توێژینەوە :

* سنووری بابەتی: ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان هەیە لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی منداڵانی پێش قوتابخانە لە شاری هەولێر.

* سنوری کاتی: ئەم توێژینەوەیە لە (ساڵی 2023 - 2024) ئەنجام دراوە.

* سنوری قەزایی : ئەم توێژینەوە لەسەر باخچەی منداڵان لە باخچە حکومییەکانی شاری هەولێر ئەنجام دراوە.

* سنوری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە بۆ بەڕێوەبەرانی باخچەی منداڵانی حکومی لە شاری هەولێر بەکار هاتووە.

## 6.دەستنیشان کردنی زاراوەکان:

1/ باخچەی منداڵان

- ( بحري - ٢٠٠٩) :

دامەزراوەییەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغە سەرەتایی دەستەبەرکردنی ئازادی تەواو بۆئەنجامدانی چالاکیەکان وە دەرخستنی توانا لێهاتوییەکانیان لەتەمەنی (٣-٦) ساڵیدا ( بحري، ٢٠٠٩: ١٠) .

2/ وەزارەتی پەروەردە بۆ باخچەی منداڵان

- (وەزارەتی پەروەردە - ٢٠١٨) :

پرۆگرامێکی نوێ خوازە بۆ بەرزکردنەوەی پەروەردەیی زووی منداڵی دارێژراوە ئەوە هاوبەشیەکی گشتی و تایبەتیە کە ژینگەیەکی ئارام و پەروەردەکەر دابین دەکات بۆئەوەی منداڵان فێربن ، گەشەبکەن و وریای بکەن ، پرۆگرامەکە فێربونی ناوەندی منداڵان لەسەر بنەمای ژینگەیەکی پارێزراو پشتگیریکراو تێکەڵ دەکات (لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە : ٢٠١٨) .

3/ باخچەی منداڵان

- (ابوسكينة وصالح-2008 ):

بریتییە لەو دامەزراوە پەروەردە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشوازی لە منداڵان دەکات لە تەمەنی (چوار) ساڵی تاوەکو (شەش) ساڵی, ماوەی خوێندن لە باخچەی ساوایان دوو ساڵە وە لە دوو قۆناغ پێك دێن ( ابو سكينة وصالح , 2008 : ل 10 ).

* پێناسەی تیۆری : توێژەر پێناسەی ( لقميش وە اخرون ، 2008) بەکاردەهێنێت وەک پێناسەی تیۆری بۆ باخچەی منداڵان.

* پێناسەی ڕێکاری : دامەزراوەییەکی پەروەردەییە ، کەمنداڵ دەگرێتە خۆیی پێش چونە قوتابخانە هەڵدەستێ بە جێبەجێ کردنی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردنی گونجاو لەسەر منداڵ لەتەمەنی (٤-٥) ساڵی ، کەلەڕێگەی باخچەوە منداڵ دەتوانێت فێری کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەها و ئاکارەکان ببێت .

4/ ئامانجی باخچەی منداڵان :

- ( رمضان- 2005 ):

بریتییە لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ ئامادەباشی و گەیشتن بە قۆناغی سەرەتایی یارمەتیدان بۆ دەستکەوتنی بەهرە و توانا و ئەزموونی جۆراوجۆر کە تێیدا سەربەخۆییەکی تەواو دەبەخشێت لە ئەنجامدانی چالاکییەکان و دۆزینەوەی توانا و بەهرەکانی منداڵانی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی پرۆسەیی (رمضان , 2005 : ل 14 ).

5/ منداڵ :

- (شريف – 2007 ):

بەشێوەیەکی پرۆسەیی بریتییە لە منداڵی (کوڕ یان کچ) لەتەمەنی (سێ ساڵی تا شەش ساڵی) (شريف ، 2007 : ل31).

6/ جیاوازی تاکایەتی

- (الدعيلج-2008 ):

جیاوازی تاکایەتی بەوە دەناسرێت کە بریتین لە لادانی تاکەکان لە تێکڕای تایبەتمەندی تاکایەتی کە ڕەنگە مەودای ئەم جیاوازییانە تەسک بێتەوە یان فراوانتر بێت بەپێی دابەشبوونی ئاستە جیاوازەکان هەر یەک لەو تایبەتمەندییە جیاوازانە شیکارییان بۆ دەکرێت یان لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت ( الدعيلج، 2008 : ل25 ) .

## بەشی دووەم

## سنوری تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم / سنوری تیۆری

یەکەم / باخچەی منداڵان

-گرنگی قۆناغی باخچەی منداڵان

دووەم/ جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵانی باخچە

1. پێناسەی جیاوازی تاکایەتی

2. گرنگی جیاوازی تاکایەتی

3. باوەڕ بە هەبوونی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان منداڵاندا

4. جۆرەکانی جیاوازی تاکایەتی

سێیەم / ڕۆڵی مامۆستا لە باخچەی منداڵاندا

### تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم / توێژینەوەکانی باخچەی منداڵان

دوووەم/ توێژینەوەکانی جیاوازی تاکایەتی

## بەشی دووەم / سنوری تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم / سنوری تیۆری

### یەکەم / باخچەی منداڵان

- **گرنگی قۆناغی باخچەی منداڵان :**

دامەزراوەی باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاریە چاودێری منداڵ دەکات لە قۆناغی تەمەنی نێوان سێ ساڵی بۆ شەش ساڵی ، کەدەکەوێتە پێش قۆناغی سەرەتایی و فێربوونی بنچینەیی ، باخچەی منداڵان چاودێریکردنێکی ڕێکخراوو بەرنامەدار و پێشکەش دەکات ، کە فەلسەفە و بنەما و شێوە و ڕێگاکانی پاڵپشتە بە بنەما و بنچینە و تەوەرەی زانستی ، کە گرنگیان هیچ کەمتر نیە لە قۆناغەکانی تر .

وە لە جیهانی سەردەمی ئەمڕۆدا گرنگیدان بە قۆناغی پێش وەختەی منداڵی زیادیکردووە ، چوون گرنگیدان بەم قۆناغە تەنها پێویستیەکی کۆمەڵایەتی نیە کە گەشەسەندننە ئابوری و کۆمەڵایەتیە یەک لەدوای یەکەکان کە بۆ کۆمەڵگاکانی جیهان پێشهاتووە ، بەڵکو گرنگیدان پێی بوەتە دەرئەنجامی دڵنیاییەکی پەروەردەیی و دەروونی وە درککردنی گرنگی کرداری پەروەردەیی لەو قۆناغە زووەی تەمەندا (حنان ودمیان ، 2005 ، ل ٤٧ ).

* کۆمەڵێک لەو تێڕوانینانە کە گرنگی پەروەردە لە قۆناغی باخچەی منداڵان زیاد دەکات ئەوانەن :

- پەیوەستی قۆناغی باخچەی منداڵانی چەسپاو بەقۆناغی منداڵیەتی پێش وەختە ، کە لەژیانیدا بەقۆناغێکی گرنگ دادەنرێت ، دەبێت بە پێوەری تا چەندەیی جێگیری کۆمەڵگاکان و پێشکەوتنیان .

- قۆناغی منداڵی شەنسیارە بە گرنگی پێدانی گەلان و وڵاتان بەگشتی ، وە بوەتە جێی گرنگی تەواوی پەیامە ئاسمانییەکان و یاسا گەردوونیەکان و تێڕوانینە فەلسەفیەکان وە داهێنانە زانستیەکان .

- قۆناغی منداڵی بەیەکێک لە هەرە قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردنی مرۆڤ دادەنرێت وە گرنگی و کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو قۆناغانەی کە بەدوایدا دێن ، وە گرنگترین قۆناغی دروستکردن و ڕێکخستن و بنیادنانی کەسایەتییە و بنیادنانی خاڵەکانی هەڵسوکەوت و خوەکان و خواست و ویستەکانیەتی ، ئەمەش دوای ئەوەدێت کە زانست سەلماندویەتی قۆناغەکانی ئەم چەند ساڵەی منداڵ قۆناغێکی گرنگ و بنیات نەرە کە قۆناغەکانی دواتری تەمەنی منداڵی لەسەر بنیاتدەنرێ

، هەر بۆیە ڕاوێژە کۆمەڵایەتی و جوڵەی و زانستی و ئەقڵی و زمانەکیە تەندروستیەکان ئەلەم قۆناغەدا کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لەسەر دروسکردنی کەسایەتی منداڵ و بەردەوامی گەشەسەندنێکی ڕێک و پێک لە ژیانی داهاتویدا چ لە ساڵەکانی خوێندنی دابێت یا لایەنە جیاوازەکانی کاروباری ڕۆژانەی لە داهاتودا ، هەر بۆیە قۆناغی باخچە قۆناغێکی سەرەکییە ، وە هەر دواکەوتنێک و وەستانێکی ئەو قۆناغە پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆرتر و زیاتر هەیە لەو قۆناغانە کە بەدوای دادێن.

- ساڵەکانی زووی تەمەنی منداڵ ، (٢) لەو ساڵانەن کە تێگەیشتنە قوتابخانەیی و کۆمەڵایەتیەکان دەچەسپێنن ، کە تیایدا ئاشنای خۆیان و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوروبەریان دەبن ، لە دەرەوەی خێزان ، وە ئەو چەوساندنە توند و تۆڵە دەربارەی خۆیان کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتوی ژیانیان (الراشد ، 2001 ، لا ٤٨) .

▪ یەکێکی تر لە گرنگیەکانی قۆناغی باخچەی منداڵان ئەوەیە کە قۆناغێکی بنەڕەتی بەهێزە لە بنیاتنانی کەسایەتی و گەشەسەندن و بنیادنانی بنچینەکانی تێگەیشتن و زانین و خواست و ئاراستەکان ،وە زۆرێک لە بەدواداچووکان جەختیان لەسەر گرنگی قۆناغی باخچەی منداڵان کردوەتەوە لەزیاتر گەشەسەندنی عەقڵی و تاقیکردنەوە و هەڵسوکەوتی منداڵ ، هەروەها جەخت لە جێگیری منداڵ دەکاتەوە و یارمەتی دەدات کە زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت .( حیدر،1998: لا ٤٩).

وە لەمیانەی ئەوەی باسمان کرد ڕووندەبێتەوە لە قۆناغی باخچەی منداڵان قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە لە دروسکردنی کەسایەتی منداڵ وە گرنگیدان بە دروسکردنی ئەو کەسایەتییە دەوڵەمەندکردنی باخچە دەخوازێت با کەلوپەل و چالاکی کە ڕەچاوی توانای منداڵەکانی تێداکرابێت ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانە کە وادەکات گرنگی دان بە باخچە لەوپەڕی گرنگی دابێت .

## دووەم / جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵانی باخچە :

### 1. پێناسەی جیاوازی تاکایەتی :

دەکرێ پێناسەی جیاوازییە تاکیەکان بکەین بەوەی کە : لادانی تاکەکانە لە ناوەندی کۆمەڵێک لە چەند سیفاتێکی جیاوازدا ، وە ئەو جیاوازییانە زۆر دەبن یاکەم دەبن بەپێی دابەشکردنی ئاستە جیاوازەکان بۆ هەر یەکێک لەسیفەتێک لەو سیفەتانەی کە شیدەکرێنەوە و بەدواداچوونی بۆدەکرێت ( بدوي،2005 ، ل ٧٠ ) .

**- وە هەروەها بەو شێوازەش پێناسە دەکرێ کە :** ئەو تایبەتمەندی و سیفاتانە و سیمایانەن کە هەر مرۆڤێکی پێ جیادەکرێتەوە لەوەی دیکە ، جا جەستەیی بێ یا عەقڵی بێ یا کۆمەڵایەتی یا ڕەوشتی ، بەو شێوەیە جیاوازییە تاکیەکان بە دوو تێگەیشتنی بنەڕەتی دەوترێت ئەوانیش تێگەیشتن و پێناسەی لێکچوون تێگەیشتن و پێناسەی جیاواز و ڕاجیایی ( برعي،2006: ل ١٨ ) .

**- وە زانستی جیاوازیە تاکیەکان وا پێناسە دەکرێت کە :** ئەو زانستەیە کە بەدواداچوونی جیاوازییەکان دەکات لەنێوان تاکەکان و لەنێوان کۆمەڵەکان و هەروەها لەناوخۆی یەک تاکیشدا لە هەڵسوکەوت و کردارە ئەقڵییەکان و کردارە هەڵچونییەکان بۆدیاریکردنی چەندیەتیان و نیشانەیەکی ژماردەیی بۆ ئەو چەندیەتیە و شیکردنەوەیی و جێبەجێکردنی و پێشبینیکردنی داهاتوی و دانانی خشتەیەک بۆ هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ تاکەکان و کۆمەڵەکان بەپێی ( سفیان ، 2008 : ل ٤٦ ).

باسکردن لە جیاوازییە تاکیەکان دانپێدانانە بەوەی کە تاکەکان هاوبەشن لە تایبەتمەندیەکانیان ، بەڵام جیاوازن لە چەندیەتی ئەو تایبەتمەندیانە کە هەیانە و زۆرکات جیاوازییە تاکیەکان ئەندازە دەکەین بەلادانە پێوەریەکان ، کەئەوەش پێوەرێکە بۆ ڕا جیایی لەناو کۆمەڵێکدا ، وە هەرچەند ئاستی ئەو پێوەرە زیاد بکات جیاوازی نێوان ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵەیە زیاد دەکات .

- جیاوازیە تاکیەکان هەبوون هەر لەو کاتەوە کە خودا ئەرز و ئەوەی لە ناویدا دروستکردوە ، وە بەڵگە لەسەری بوونی ئەو لادانە هەڵسوکەوتیانەیە و توانایانە بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تاکەکان و هەمویان نا ، وە هەبونی جیاوازییە تاکیەکان کورت دەبێتەوە بەسەر هەندێک مرۆڤدا . هەتا لەنێوان بونەوەرە نامرۆڤەکانیش هەیە وەکو ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان ، هەروەکو چۆن پێشڕەوی کۆمەڵەیەک دەبینین لەهەموو جۆرێک لە جۆرەکانی ئاژەڵە جیاوازەکان چونکە هەریەکێکیان جیاوازە لەوەی تر لەڕووی فراوانی و هێزەوە ، هەروەکو چۆن فەیلەسوف و بیردۆزە کۆنەکان درکیان بەو تێگەشتنانە کردوە و دانیان پێدا ناوە لەکتێبەکانیاندا لەنێوان تاکەکانی ڕەگەزێکدا . ( خلف ، 2005 : ل ٢٩٧) .

- بونی ئەو جیاوازییانە سروشتیە لەنێوان منداڵان دا. ئەمەش دیاردەیەکی گشتیە ئینکاری ناکرێت و پشتگوێ ناخرێ لە کرداری پەروەردە و فێربووندا . وە تایبەتمەند دەکرێت بە کۆمەڵێک شت گرنگترینیان:

- بوونی جیاوازی تاکی لەنێوان خەڵکدا سروشتییە .

- جیاوازیەکان - لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتی دەگرێتەوە : جەستەیی و میزاجی و کۆمەڵایەتی .

- هەندێک لە جیاوازییەکان بۆماوەیین لە دایک و باوکەوە هەندێکیکەیان لەئەنجامی جیاوازی ژینگە و بارودۆخی چواردەوری منداڵ سەرچاوە دەگرن .

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جیاوازییە تاکیەکان هۆکارەکەیان بۆماوەیی و ژینگەییە ، وە درکردنی جیاوازییە تاکیەکان پێویستە پەیوەست بکرێت بە پلە بەندییەوە تەنها ، نەک بەبابەتی ئەوەی کە چەند تایبەتمەندیەکی هەبون یان نەبوون .

بوونی جیاوزییە تاکیەکان هاوبەشە لەباشکردنی ژیان و کردارە سروشتیەکانی .

- باوەڕپێنەکراوە هەبوونی ژیانێک بەبێ بوونی جیاوازی کە هەندێک خەڵکی لە هەندێکیکە جیابکاتەوە

- زیرەکی تەنها مەرجی سەرکەوتن نیە لە ژیاندا ( خلف،2005 :ل12 ) .

- وە زۆر کات ئاماژە بۆ جالتون ( galton) دەکرێت لە سەردەمی ئەمڕۆماندا وەکو یەکەم کەس کە ئاگاداری داوە دەربارەی هەبوونی جیاوازییە تاکیەکان ، وە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا "کاتل"( Cattell) هەبووە پێشەنگی بەدواداچوونی جیاوازییە تاکیەکان یەکەم کەس بوە کە ئەم زاراوانەی بەکارهێناوە : تاقیکردنەوە ئەقڵیەکان پێوەرە ئەقڵیەکان ، کە پاڵپشتیەکی زۆر کراوە لەلایەن جالتون ( Galton) ناکرێت ئێمە جیاوازییە تاکیەکان بکەین بە پێوەر کاتێک خەریکین تەنها منداڵێک فێر دەکەین ، بەڵکو کاتێک دوو منداڵ یا زیاتر فێردەکەین ئەوکات بابەتی جیاوازییە تاکیەکان دەبێت بەباسێکی زۆر گرنگ ( الراشد،ل2001:18 ) .

## 2.گرنگی جیاوازی تاکایەتی:

یەکێک لەهەرە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مامۆستای سەرکەوتو توانای تێگەیشتنیەیەتی لە پێویستی قوتابی ، لە تایبەتمەندیەکانیان و جیاوازییە تاکیەکان و جیاکردنەوەی قوتابیە جدیەکان ، وە تێبینی کردنی کۆمەڵێک لە قوتابی لە پۆلێکی خوێندندا بۆچەند دەقەیەک بەسە بۆئەوەی وێنەیەکی ڕوونمان بداتێ دەربارەی جیاوازییە جەستەییەکان لەنێوان قوتابیەکانی ئەو پۆلەدا ، وەئەگەر بێت و خەریکی وتنەوەی وانەیەک بین لە پۆلێکدا بۆچەند دەقەیەک دەتوانین کۆمەڵێک لە ئەقڵیەت و جیاوازی لەنێوان تاکەکانی دەربخەین ، وە دەکرێ ئاماژەش بەوە بکەین کە درککردنی ئەو ڕاستیانە بۆسەرکەوتنی مامۆسا لەکارەکەیدا ، بەڵکو دەبێت فێرکردنی قوتابیەکانی ڕێکبخات بەتوانای خۆی لەژێر ڕوناکی تێگەیشتن و درککردنی ئەو جیاوازییانە و خواستە فێرکاریەکانیان ( ابو شعیرة ، 2010:ل27 ) .

وە لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی مامۆستا تەنها بیرکدنەوەیەتی لە فێرکردنی قوتابیەکانی لە گەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکیەکانیان . وە تێبینیکردنی ئەوەی کە هەر یەکێکیان جیاوازە لەوەی تریان وە سەختی مامەڵەی گونجاو لەگەڵ هەر یەکێکیان دا .

وە بوونی جیاوازی ڕوونە لای مامۆستایان چونکە ڕۆژانە ڕووبەڕووی چەندین جیاوازی سەرسوڕهێنەر دەبنەوە لەلایەن منداڵەکان. وەکو ئەوەی بە چ شێوازێک کاردەکەن و بە چۆن خێراییەک فێردەبن، وە سەرسوڕهێنەر نییە کە ئەو جیاوازییە تاکیانە بوونەتە تەوەرەی سەرەکی بەرژەوەندی پیشەیی لای مامۆستایان. تایبەت ئەو مامۆستایانە کە درکیا کردووە کە هەبوونی جیاوازییە تاکییەکان لەنێوان قوتابییەکانی یەک پۆلدا سەدەکێشێت بۆ هەبوونی جیاوازی توانای وەرگرتن و درککردنی وانەکانی خوێندن و وەڵامدانەوەی پرسیار و جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکان و چالاکییە فێرکارییەکان و بەهەمان شێوە پێویستییەکان و داواکارییەکان. کە هەموو ئەوانە دەکرێن بە پێوەر بۆ چۆنیەتی سروشتی ئەو وانەیە کە پێشکەش دەکرێت و ڕێگاکانی و شێوەکانی وتنەوەی، وەهەروەها پێوەرە بۆ ئاستی پرسیارەکان و چالاکییەکان و ڕاهێنانەکان، وە بەجێگەیاندنی داواکاری و خواستەکانی پێگەیاندن و فێرکردن ( حماد، 2008 : ل ٧٠).

- شێوەی فێرکردن و ڕێکخستنی مامۆستا هەرجۆرێک بێت پێویستە ڕێگایەکی تایبەتی فێرکردن بسازێنێت کە لەگەڵ تاکەکانی پۆلێکی خوێندندا بگونجێت لە قوتابخانەدا.

چونکە بەو ڕێگەیە پێویستی منداڵە سەرکەوتووەکان و ئەوانەش کە هێواشن لە فێربووندا و ئاستە جیاوازەکانی هەردوولا جێبەجێ دەبێت، بەم شێوەیە جیاوازییە تاکییەکان لەنێوان قوتابییەکان

دەخوازێت کە ڕێگای فێربوونی شیکردنەوە و بەکارهێنانی تەباشیر بەدوور بگیرێت چونکە ڕێگایەکی بێ سوودە بەڵکو پێویستە پشت ببەسترێت بە ڕێگایەکی فێربوونی بەسوود کە ئەویش ڕێگای فێربوونی تاکییە. کە هەر تاکێک پێویستە پشت ببەستێت بە خۆی، ڕێگایەکی پاڵنەری هەر تاکێکە بەپێی تواناکانی.

هەر بۆیە سەیر نییە کە تەواوی ئاڕاستە پەروەردەییە سەردەمییەکان گرنگی بە منداڵ دەدەن لەگەڵ جیاوازییە تاکییەکان لەنێوان منداڵاندا، هەر بۆیە بنەمای هاندانی تاکی کاریگەری هەبوە لەسەر پێشکەوتنی پەروەردەیی ئەمڕۆدا بە بەراورد لەگەڵ تەواوی کاتەکانی ڕابردودا (الحسين،2002 : ل79).

وە بەهەدەردانی جیاوازییە تاکیەکان دەبێتە هۆکاری کێشەیی گەورە و زۆرێک لەکێشەکان ، یەکەمیان دژایەتیکردنی ئەو سروشتەیە کە خوا دروستی کردووە لە مرۆڤدا ، ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسێک لەم جیهانەدا پەیامێکی دیاریکراویی پێیە و شتێکی جیاواز لەوانیدیکە زیاد دەکات بۆئەم ژیانە ، هەر بۆیە ناکرێت هەموویان یەک شت بن چونکە بەم شێوەیە هەموان ئەو توانایە لەدەست دەدەن کە خودا پێی بەخشیون ، وە هەر یەکێک لە مرۆڤەکان خودا توانایەکی دیاریکراوی پێداون بۆزیادکردنی شتێک لەم ژیانەدا ، هەربۆیە لەگەڵ پشتگوێ خستنی ئەو توانایەدا تواناکە لەناودەچێت ، و لەهەمان کاتیشدا ناتوانین منداڵێک ناچاری سەرکەوتن بکەین لەبوارێکدا کە بەهەرەوەر نەبێت تیایدا ، وەهەروەها دەبێتە هۆکاری ئیرەیی لەنێوان منداڵاندا ، کە هەر منداڵێک دەیهەوێت لەبراکەی بچێت و ناتوانێت ، هەربۆیە دەبێتە هۆی دروستبونی ڕق چونکە دەیهەوێت هەمان کار بکات تا ببێتە جێی سەرنجی ڕازی بوونی دایک و باوکی و ناتوانێت ، هەر بۆیە ئیرەیی بە براکەی دەبات و ڕقی لێ هەڵدەگرێت ، بەڵام ئەگەر بێت و منداڵ هەست بکات کە خودی خۆی و تواناکانی خۆشەویستن و بەراوردی ناکەین بە براکەی و بۆی ڕوونبکەینەوە کە تایبەتمەندە بەشتێک و براکەی بەشتێکەوە و ئێمە ڕێز لە تواناکانیان و جیاوازییەکانی دەگرین ئەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەخەینە سەر ( الدعيلج ، 2008: ل 56) .

## 3. باوەڕ بەهەبوونی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵاندا :

ڕوونە کە پەنجەکانی دەست هەمووی وەکو یەک نیە وە ئەقڵیەتەکەی دەگۆڕێت بەگۆڕانی زۆر شت وەکو ژینگە و بۆماوەیی و ئاستی زانین و سەقافەت ، هەر بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا قسە لەگەڵ قوتابیەکانی بکات و بیاندوێنێت بەپێی ئاستی تێگەیشتن و درککردنی چونکە لەماڵێکدا یاخود لە پۆلێکدا دوو منداڵ هەیە بەیەک ڕێگای فێربوون تێناگەن بەشێوەیەک یەکێک دەتوانێت لەرێگەی گێرانەوەی

چیرۆکی زارەکی تێبگات بەڵام یەکێکیان لەڕێگەی وێنەکردنێکی بەرجەستەکراو دیاریکراو تێبگات ، تائاستێک کە هەر یەکێک لەو بیرانە ڕادێت لەگەڵ ئەو ڕێگا فێرکارییە بەکارهاتوەدا بۆئەوەی سودوەربگرن و گرنگە ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکیەکان لەنێوان منداڵاندا لەکاتی فێرکردنیان . ( ربیع ومشعان ، 2006 : ل ١٣ ) .

- وە پێویستە مامۆستا زیرەک بێت لەزانینی توانا مێشکیەکانی منداڵ و خواستەکانی و تواناکانی بەشێوەیەک کەخاوەنی تەواوی توناو هۆکارەکانی یارمەتیدەربێت بۆئەو زانینە ، وەهەروەها ژینگە جیاوازەکان هۆکارن بۆدروستبونی جیاوازییە تاکیەکان لەنێوان منداڵاندا وە هەروەها هەریەکێیان لەئاستێکی جیاوازن کە دەبێتە هۆی دروستبونی تێگەیشتن و بارودۆخی جیاواز هەروەها خێزان و حاڵەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان بەشدارن لە هەبوونی جیاوازییە تاکییەکان لە نێوان منداڵاندا (الحسین،2002 :ل٤) .

- هەروەها ناکرێت ڕۆڵی دایک و باوک پشتگوێ بخەین لەڕووی ئەقڵیەوە بۆ منداڵەکانیان چونکە کاریگەرییان تەنها لە ڕێی بۆماوەیی نییە بەڵکو چالاکی پیشەیی و کۆمەڵایەتی باوکان کاریگەرە، بەشێوەیەک کە پیشەی باوک یەکێکە لە کارتێکەرە ژینگەییە بەهێزەکان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی زیرەکی منداڵ دەبێت، وە لەلایەنی پەیوەندییە خێزانییەکان و حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان،

دەرکەوتووە کە خێزانی منداڵی بەهرەدار خێزانێکی ڕێکەوتووی هەیە و ڕێژەی تەڵاق تەواو نزمە لە نێوان خێزانی منداڵە لێهاتووەکاندا، وە یەکێکی تر لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر توانای منداڵ شیرخواردنی سروشتییە، وە جۆری خواردن و ئاوە تەندروستەکان و گونجاو بۆ خواردنەوە و هەروەها سەقافەت و تەکنەلۆژیا یەکێکیترن لە هۆکارە کاریگەرەکان (ابو سکینة وصالح، 2008 : ل٢٦) .

## 4. جۆرەکانی جیاوازی تاکایەتی:

(paran Kimali, 2015) باسی لە جۆرەکانی جیاوازییە تاکییەکان کردووە کە ئەمانەن:

1- جیاوازییە جەستەییەکان : تاکەکان جیاوازن لە باڵا و کێش و ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاو و قژ و ئەندازەی دەستەکان و سەر و قۆڵ و پێیەکان و دەم و لوت و درێژی هێڵی کەمەر و شێوەی ئەندامە ناوەکییەکان و ئاماژەی ڕوخسار و هەڵسوکەوتی قسەکردن و هاموشۆ کردن و جگە لەوانە لە تایبەتمەندییە فیزیاییە خۆڕسکەکان یاخود بەدەست هاتووەکان.

2- جیاوازییە ئەقڵییەکان : تاکەکان جیاوازن لە توانا هزرییەکاندا وەک و بیرکردنەوە و توانای خەیاڵ و بۆچوونە داهێنەرەکان و تەرکیز کردن وە لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە پۆلێن دەکرێن زۆر کات کە گێلە یان کەم ئەقڵە یان ئاساییە یاخود زۆر سەرکەوتووە و لێهاتووە.

3- جیاوازییەکانی توانای جوڵەیی: جیاوازی فراوان هەیە لە توانا جوڵەییەکاندا وەک و توانای وڵامدانەوە و خێرایی جوڵە و جێگیری و ڕێژەی توانایی بازو و لێهاتووی دەستەکان و بەرگەگرتنی ماندوویەتی.

4- جیاوازی لەسەرکەوتندا: جیاوازی هەیە لەبەدەست هێنان و زانیندا هەتا لەنێوان ئەوانەشدا کە هەمان ئاستی زیرەکییان هەیە یەکسانن لەو زانین و ئەزموونەی وەریان گرتووە.

5- جیاوازییە سۆزدارییەکان : لەهەندێک لە تاکەکاندا ، هەستی ئەرێنی هەن وەکو خۆشەویستی و سۆز و دڵخۆشی و هاوشێوەیان ، بەڵام هەندێک لە هەستەنەرێنیەکانیان بەهێزترە ،هەندێکیان جێگیر و پێگەشتوون لە ڕووی سۆزدارییەوە و هەندێکیکەشیان ناجێگیر و نا پێگەیشتوون لەڕووی سۆزدارییەوە .

6- جیاوازیەکان لە گرنگی پێدان و بەهرەکاندا : هەندێک لە جیاوازییە تاکیەکان پەیوەستن بە سەلیقە و گرنگی پێدانی دیاریکراو ، دەستنیشانکردنی ئەو تاکانە کە توانای جیاوازییان هەیە ، وەکو هەندێکیان لێهاتوون لە بواری میکانیکی هەندێکیتریان لە قوتابخانە لێهاتوون و یاخود لە بواری میوزیک و هونەردا.

7 - جیاوازییەکان لە پێناسەی خود دا : پێناسە و وێناکردنی خود و ئەو بڕیارانەی پەیوەست بە تواناکانی تاکەوە زۆر کات کورتناکرێنەوە لەوەدا کە نیشانی خەڵکیان دەدات بەڵکو بۆ هەستکردنە بە پێگەیی خۆی لە چاوی خۆیدا ، هەربۆیە بە کەمگرتنی خۆی سەردەکێشێت بۆ بەکەمزانینی تواناکانی.

8- جیاوازییەکان لە فێربووندا : هەندێک لە تاکەکان زۆر زووتر فێردەبن و سود لەوە وەردەگرن کە فێری بوون بەبەراورد لەگەڵ تاکەکانی تردا ، یەک ڕێگای فێرکردن و لەبەرکردن گونجاوە بۆیان بەبەراورد لەگەڵ هەندێکی تریان کە پێویستیان بە چەند ڕێگایەکی ترە .

9- جیاوازیەکان لەگەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ورەوشتی : هەندێک لە کەسەکان لەناو ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەختەوەردا دەژین بەبەراورش لەگەڵ هەندێک لە تاکەکانی تر کەلەژیانێکی ناکۆمەڵایەتیدا ، ئەمەش کاریگەری دروسدەکات لەسەر ڕەوشت و دەروونی مرۆڤەکان .

10- هەروەکو چۆن بدوي ( ٢٠٠٥) جۆرەکانی جیاوازییە تاکیەکانی لە دووجۆری گشتگیردا ڕوونکردۆتەوە:

**- جیاوازییەکان لە جۆردا :**

چەندین سیفاتی جیاواز هەیە ، وەکو هەبوونی جیاوازی لەنێوان باڵا و کێش دا ( جیاوازییە لەجۆری سیفەت دا ) هەربۆیە ناتوانین بەراوردیان بکەین لەبەر نەبوونی هەمان کێش و ئەندازە لە دووپۆلدا ،

لەباڵادا ئەندازە بەمەتر و سانتیمەتر دەگیرێت بەڵام لەکێشدا کیلۆ بەکاردەهێنرێت ، هەمان شێوەشە بۆ جیاوازییە دەروونیەکان ، وەکو جیاوازی لەنێوان زیرەکی و ڕاددەی هەڵچوون ئەوەش جیاوازییە لە جۆری سیفەت دا . هەربۆیە ناکرێت بەراورد بکەین لەنێوان زیرەکی و ڕادەی هەڵچونی تاکێک چونکە ئەندازەیەکی هاوبەش نادۆزیتەوە .

**- جیاوازی لە پلەبەندی :**

جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا لەیەک سیفەت دا جیاوازیە لە پلەدا نەوەکو جۆر ، وەکو جیاوازی لەنێوان درێژی و کورتی ئەوە جیاوازییە لە پلەدا نەوەک جۆر ، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان کورتی و درێژی دا و دەتوانێت بەراورد بکرێت لە نێوانیان بەبەکارهێنانی یەک ئەندازە ، هەر بەهەمان شێوریە لە ئەندازەکردنی ئەقڵەکاندا چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان لێهاتوویەک و کەم ئەقڵێکدا ( بدوي ، ٢٠٠٥ : ل١٧) .

- لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازییە تاکییەکان جۆریان زۆرە هەر بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستاکانی باخچەی منداڵان ڕەچاوی ئەو جیاوازییانە بکەن کار بکەن لەسەر سوود لێوەرگرتنیان بۆ گەشە سەندنی توانای هەر منداڵێک بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ تواناکانی و بەهرەکانی لە پێناو دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی کە لێهاتوون لە بوارە جیاوازەکاندا و کارکردن لەسەر گەشەپێدانیان لە قۆناغەکانی داهاتووی خوێندندا.

**سێیەم / ڕۆڵی مامۆستا لە باخچەی منداڵان دا:**

مامۆستای باخچە هەڵدەستێت بە گێڕانی ڕۆڵی زۆر و ئەنجامدانی ئەرکی زۆر و جۆراو جۆر کە پێویستی بە لێهاتوویی هونەری جۆرا و جۆر هەیە کە قورسە دیاریکردنی بە شێوەیەکی دەقیق و دوور و درێژ؛ ئەگەر بێت و مامۆستا لە قۆناغەکانی تری خوێندندا تەنها لەسەری بێت وانەکە باش بڵێتەوە و پۆلەکە باش بەڕێوە بەرێت، ئەوا مامۆستا لە باخچەی منداڵاندا بەرپرسیارە لە تەواوی ئەوەی

منداڵەکان فێری دەبن و ئاڕاستەکردنیان بۆ لایەنی بەرەوپێشچوونی هەر منداڵێک لە منداڵەکان لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیاندا.

وە هەروەها مامۆستای باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە پەروەردە کردنی منداڵ و بنیاتنانیان. مامۆستا ڕۆڵی دایک دەبینێت کاتێک پێشوازی لە منداڵێک دەکات کە لەناکاوێک لە جەوی ماڵەوە و خێزان دەگوازرێتەوە بۆ هۆڵی خوێندن و نێوان چەند هاوڕێیەک کە نەیناسیون پێشتر، وە بارودۆخێکی بۆ دەڕەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی توانای تازە بۆ باشکردنی بەهرەکانی. هەر بۆیە مامۆستای باخچە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ناو باخچەدا وەکو ڕێنمایی کارێک و ئاڕاستە کارێک بۆ کۆمەڵێک منداڵ. لە ڕێگای خوێندنەوەی سروشتیان و هەڵسوکەوتیان لە دەرەوەی پۆل و لە باخچەدا و یان لە هۆڵی یاری و ژووری نان خواردن لە کۆتایشدا هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ئەو قوتابیانە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، هەر بۆیە دەبینین کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان گرنگییان داوە بە هێنانی باشترین مامۆستا تا مامۆستایەتی بکەن لە باخچەی منداڵاندا، کە بەهرەدار بن ....... لەگەڵ منداڵ، درک بە ویستە سەرەکییەکانی منداڵەکان بکەن و بنەماکانی گەشەسەندن و خواست و ویست و هەڵسوکەوت و هەڵچونی منداڵە لەو قۆناغەدا. (بحري، ٢٠٠٩ : ل٢٧٥).

هەروەکو چۆن بدر (١٩٩٥ز) جەخت جەکاتەوە لەسەر : کە مامۆستای باخچە بڕبڕەیی کرداری فێرکردنە لەباخچەکاندا وە چەندین سیفاتی دیاریکردووە کە پێویستە هەبن لە مامۆستای باخچەدا :

- خواست و ئامادەباشی دەروونی تێداهەبێت بۆوتنەوەی وانە لەباخچەی منداڵاندا .
- بیروباوەڕی وابێت کە تەواوی منالەکان شایەنی فێرکردن و پێشکەوتن و گەشەکردنن .
- چالاک و کاربەڕێکەر بێت .
- بنەما و بنچینەی بەرزی کۆمەڵگا بچێنێت لە دورۆونی منداڵەکاندا .

- بەوردی و دەقیقی دەرونی منداڵەکان بزانێت و چۆنیەتی پەرەپێدانیان لەو قۆناغەیاندا .

- هەموو کات هەوڵبدات بۆ ڕاهێنانی منداڵەکان بۆ بەدەست هێنانی خوە باشەکان و ئاڕاستە بەرزەکان لە کردارە جیاوازەکانی باخچەدا .

- ڕاهێنانی منداڵەکان لەسەر مامەڵەکردنی لەسەرخۆ و ئارام لەگەڵ منالآنی تردا و جەخت بکاتەوە لەسەر پێدانی چانس ، بۆدەربڕینی ئەوەی کەدەیانەوێت .

لەوانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مامۆستای باخچە کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە سەرشان کەپێویستە ڕاهێنانی باشیان بۆبکات پێش دەست بەکاربوون هەر لەقۆناغی کۆلێژ و تاوەکو دەبێت بە مامۆستا لەباخچەدا وپێویستە مامۆستایەک بێت ئاگاداری هەموو ئەو شتانەبێت کە باشن و پێویستن لەبواری باخچەی منداڵاندا .

## تەوەرەی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو

لێکۆڵەر ئاماژە بەچەند لێکۆڵینەوەی پێشینەیی دەکات کە پەیوەستن بە کێشەی خوێندن . بەمشێوەیەی کە دێت :

### یەکەم : توێژینەوەکانی باخچەی منداڵان:

- ( حنان و دمیان - 2005) لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجامدا کە ئامانجەکەی دەرخستی کاریگەری بەرنامە ڕاهێنانیەکانی تایبەت بە مامۆستایانی باخچەی منداڵان کە پاڵنەر بوون بۆگەشەسەندی فێرکردنی منداڵانی باخچە ، ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە (٣٢) لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان و ( ١٧٥) منداڵ لەمنداڵانی باخچەی منداڵان لە پێنج لە باخچەی منداڵان لە شاری عومان لەوەرزیی دووەمی ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٥ پێکدەهات لێکۆڵینەوەکە گەیشت بەهەبوونی کاریگەری بەرنامە ڕاهێنانیەکانی تایبەت بە مامۆستایانی باخچەی منداڵان . لەباشکردنی ئاستی خوێندنی قوتابییەکانیان ، وە هەبوونی جیاوازیی لە ڕێکخستنی پۆلدا پێەو و پشت بەستو بە بارودۆخی گونجاوی خوێندن و ساڵەکانی ئەزموون و تایبەتمەندی وەلێکۆڵینەوەکە ڕێنمایی بەکارهێنانی بەرنامە ڕاهێنانیەکانی تایبەت بە مامۆستایانی باخچەی منداڵان دەکات بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەپێناو باشکردنی ئاستی فێربوون لە لایەن منداڵانی باخچەی منداڵان ( حنان ودمیان - 2005) .

**دووەم : توێژینەوەکانی جیاوازی تاکایەتی :**

- ( برعي- 2006) ئامانجیان زانینی جیاوازییەکان بوو لەنێوان پیاوان و ئافرەتان دا لەتوانا کۆمەڵایەتیەکاندا لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابیەکانی زانکۆی لیبیا ، وە لێکۆڵەر پێوەری ( السيد إبراهيم السعادونی ، ١٩٩١) بەکارهێناوە . لەئەنجامدا لێکۆڵینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامە مامناوەند جیاوازییەکان لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا لە لێهاتوییە کۆمەڵایەتیەکاندا ، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا ( برعي - 2006 ).

- ( سفيان - 2008) ئامانجیان زانینی لێهاتووە کەم ئەندامەکان بوە . زانینی شێوازی پێداویستیەکانیان بۆڕەچاوکردنی بارودۆخیان و فێرکردنیان ، وە لێکۆڵینەوەکە پشتی بەستوە بەبەرنامەی لێکۆڵینەوەیی کتێبخانەی و گەڕانەوە بۆ توێژینەوە مەیدانیەکان لەوبوارەدا ، و لەکۆتایی گەیشت بە جەختکردن لەسەر ئاگاداربوون بەگەشەسەندنی تواناکان ، وە ڕەخساندنی ژینگەیەک کە تیایدا ڕەچاوی جیاوازییە تاکیەکان بکرێت و توانا و لێهاتووییەکان گەشەپێ بدرێت ( سفيان - 2008)

## بەشی سێیەم

## ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە

1.کۆمەڵگای توێژینەوە

2.سەمپلی توێژینەوە

3.ئامرازەکانی توێژینەوە

4. هۆکارەکانی ئاماری

## بەشی سێیەم / ڕێبازو کردارەکانی توێژینەوە:

ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە : ئەم بەشە پێکدێت لەو ڕێباز و کردارانەی کە توێژەران پشتی پێدەبەستن و بەکاریدەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە ، بریتین لە :

## 1.کۆمەڵگای توێژینەوە:

بریتییە لە **بەڕێوەبەرانی** باخچەی منداڵان لە شاری هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ کە ژمارەیان (49) **بەڕێوەبەرە لە** (٤٩) باخچە.

**٢- سامپڵی توێژینەوە:** لە کۆمەڵگای توێژینەوە پێویست دەکات سامپڵی توێژینەوە دیاری بکرێت تاوەکو توێژەرایەتی لە کۆمەڵگاکە بکات ، ئەگەر هاتوو ئاسان نەبوو توێژینەوە لەسەر گشت تاکەکانی کۆمەڵگە ، دەکرێ چەند تاکێک لەو کۆمەڵگایە هەڵبژێری بەمەبەستی توێژینەوە لەسەریان ، بۆیە توێژەران وایان بەباش زانی (42) **بەڕێوەبەری** باخچەی منداڵانی شاری هەولێر بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەریان. ئەمیش **بەم شێوەیەی خوارەوە:**

أ/ سامپڵی جێبەجێ کردنی بەرایی: بۆمەبەستی ڕاهێنان و دۆزینەوەی هەر هەڵە و گرفتێک لە تیگەیشتنی پێوانەکە لای سامپڵی توێژینەوە لە داهاتو ، توێژەران بەباشیان زانی سەمپڵێک هەڵبژێرن بۆئەوەی بەشێوەی سەرەتای پێوەرەکەی لەسەر جێبەجێ بکەن ، بۆیە هەڵسان بە وەرگرتن (١٠) بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان لە باخچەکانی (**ئاشنا ، فەریك ، ، ئاریان ، وێنەر ، خونچە ، گادگرۆس ، سەروەران ، مەهرۆخان ، ئیپەك ، مرواری** ) وەک سامپڵی جێبەجێکردنی بەرایی .

ب/ سامپڵی جێبەجێکردنی کۆتایی : بریتی بوو لە (32) **بەڕێوەبەری باخچەی منداڵانی ناوشاری هەولێر کە بەڕێوەبەری ئەو باخچانە بوون کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە .**

خشتەی ژمارە (١)

ناوی باخچەکان

| باخچەکان | ژمارە |
|---|---|
| **ژووان** | 1 |
| **شیلە** | 2 |
| **لاژە** | 3 |
| **ئەوین** | 4 |
| **شۆخان** | 5 |
| **ڕێسا** | 6 |
| **هاژە** | 7 |
| **گوڵەباخ** | 8 |
| **چاوان** | 9 |
| **لاوین** | 10 |
| **ڕێحان** | 11 |
| **گەلاوێژ** | 12 |
| **بەفرین** | 13 |
| **ڕاز** | 14 |
| **زرینگ** | 15 |
| **روناکی** | 16 |
| **بەهار** | 17 |
| **لاولاو** | 18 |
| **چیمەن** | 19 |
| **شنە** | 20 |
| **کنێر** | 20 |
| **ڕەنگین** | 22 |
| **ئەسرین** | 23 |
| **هەوار** | 24 |
| **بێتواتە** | 25 |
| **نازۆ** | 26 |
| **یاسەمین** | 27 |
| **مێلاق** | 28 |

| | |
|---|---|
| **ڕۆژ** | 29 |
| **ئازادی** | 30 |
| **لەرین** | 31 |
| **شنۆ** | 32 |

**3. ئامرازەکانی توێژینەوە:** بۆبەدەسهێنان ئامانجی توێژینەوە ، پێویست بە ئامادەکردنی ئامرازێک دەکات، ئەویش پێوەری جیاوازی **تاکایەتی** بوو بوو ، توێژەران پشتیان بەپێوەری ( الأمري -٢٠١٢) بەست چونکە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی ئەم توێژنیەوەیە ، ئەم پێوەرە لە (١٧) بڕگە پێکهاتووە کە هەر بڕگەیەک لە (٣) بڕێتی پێکهاتوە ، لەگەڵ ئەو ڕێنمایانەی کە چۆنیەتی وڵامدانەوەی ڕووندەکاتەوە.

**ڕاستگۆیی پێوەر:**

تاقیکردنەوە دروست و ڕاستە ئەگەر ئەوە بپێوێت کە بۆ پێوانی دانراوە ، نەوەک شتێکی تر ( رمضان ، ٢٠٠٥ : ل ١٤٠) ئەمەش لە گرنگترین خەسڵەت دادەنرێت ئەگەر ئەوە بپێوین کە بۆی دانراوە ( لقمش و آخرون ، ٢٠٠٨ : ل ١٠٩) توێژەران پێوەرەکەیان پێشکەشی ژمارەیەک لە پسپۆڕ و شارەزایانی بواری دەرونزانی پەروەردەکردن ( پاشکۆی ژمارە ١) بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچوونیان لە دروستی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرکە و لابردن و زیادکردنی هەر شتێک کە بەپێویستی دەزانن ، توێژەران پشتیان بەڕازیبونی (٪٨٥) زیاتری پسپۆڕان بەست بۆ دروستی هەر بڕگەیەک بەبەکارهێنانی هاوکێشەی جی کۆپەر ( الوكيل والمفتي، ٢٠١٤ : ل ٢٢٦) لەئەنجامدانی گشت بڕگەکان ئەو ڕێژە و زیاتریان بەدەستهێناوە ، بەم شێوەیە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر بەدەست هێنرا پاشکۆی ژمارە (٢) .

**جێگیری پێوەر :**

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە کەهەمان ئەنجام یا ئەنجامی نزیک بەدەستەوە بدات کاتێک بەسەر هەمان تاکەکانی دووبارە دەکرێتەوە لە هەمان بارودۆخ یان لێک نزیک ( العزاوي ، ٢٠٠٧، ل ٩٧) بۆ جێبەجێکردنی جێگیری پێوەری تەنهایی دەروونی لای مامۆستایان ، توێژەران بەبەکارهێنانی ئامرازی دووبارە تاقیکردنەوەی پەیرەو کرد بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری . spss ڕێژەکەی بریتی بوو لە (٠،٨١) کە گونجاو باشە بۆ جێبەجێکردنی لەسەر سامپڵی کۆتایی . بەم شێوەیە پێوەر شێوەی

کۆتایی وەرگرت کە لە ( ١٧) بڕگە پێکدێت (٣) بڕێتی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە ( ڕازیم ، تا ڕادەیەک ڕازیم ، ڕازی نیم پاشکۆی ژمارە (٢) .

**٤- هۆکارەکانی ئاماری:**

* بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری spss بۆ دەرهێنانی ئەنجامی توێژینەوە .

( الوکیل والمفتی ، ٢٠١٤ ، ل ٢٢٦)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### ١- خستنەڕووی ئەنجام

### ٢- ڕاسپاردە

### ٣- پێشنیار

**بەشی چوارەم / خستنەڕووی ئەنجام و ڕاسپاردەی پێشنیارەکان**

## ١- خستنەڕووی ئەنجام

لەم بەشەدا توێژەران هەڵدەستن بە نیشاندانی ئەنجامەکان و ڕادەی گونجانی لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەیان .

بۆئەم مەبەستە توێژەران لەڕێی ئەم دوو خشتەیەی خوارەوە ئەنجامەکانیان بۆهەر بڕگەیەک خستۆتە ڕوو کە تێیدا بە دیارکەوتوە کە لەتەواوی پێوەرەکەدا هەریەکە لە بڕگەکان چۆن ڕیزبەند بوون لە ڕێگای بەکارهێنانی ( تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونە ) .

خشتەی ژمارە (٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائیی بۆ یەک نمونەی بڕگەکانی پێوەر

| ناوەندی گریمانەیی | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانە | تائي هەژمارکراو | تائي خشتەیی | **بەهای** ئازاد | مستوی دلالة |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | 2.441 | 0.292 | 8.546 | 32 | 31 | 0.00 |

خشتەی ژمارە (٣)

ڕیزبەندی هەر یەک لە بڕگەکان بەرامبەر بە **وەڵامەکان**

| بڕگەکان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|
| 1 | 2.44 | 0.716 |
| 2 | 2.41 | 0.756 |
| 3 | 2.41 | 0.798 |
| 4 | 2.59 | 0.560 |
| 5 | 2.63 | 0.492 |
| 6 | 2.75 | 0.508 |
| 7 | 2.47 | 0.718 |
| 8 | 2.66 | 0.545 |
| 9 | 2.34 | 0.865 |
| 10 | 2.81 | 0.397 |
| 11 | 2.38 | 0.751 |
| 12 | 1.97 | 0.822 |
| 13 | 2.00 | 0.718 |

| | | |
|---|---|---|
| 0.878 | 2.06 | 14 |
| 0.832 | 2.22 | 15 |
| 0.592 | 2.69 | 16 |
| 0.592 | 2.69 | 17 |

## ٢- ڕاسپاردە:

١- هاوکاری زیاتری نێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەمەبەستی هەبوونی پەیوەندی لەنێوان **بەڕێوەبەرانی** باخچە و بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی .

٢- برەودان بە توانای **بەڕێوەبەران** بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی **مامۆستایان** و قوتابیان بە ڕۆشنبیری تەندروستی لە باخچەکان.

٣- زیاتر گرنگی دانی بەڕێوەبەرانی باخچەکان بەبەرزکردنەوەی توانای مامۆستایانیان بە کەسایەتی و ڕۆشنبیری گشتیان لە ڕێگای ئەنجامدانی سیمینار وکردنەوەی خولی گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوە .

## ٣- پێشنیار:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بوارەکانی هۆشیارکردنەوەی **مامۆستایانی** باخچەکان .

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر جیاوازی **تاکایەتی** لە قۆناغەکانی تری خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

1- أبو سكينة ، نادية حسن و الصفتي ، وفاء صالح ، (2008) دور الحضانة و رياض الأطفال النظرية والتطبيق ، القاهرة ، دار الفكر العربي .

2- أبو شعيرة ، خالد محمد وغباري ، ثائر أحمد . (2010) نحو مفاهيم تربوية معاصرة في الألفية الثالثة ، عمان : مكتبة المجتمع العربي .

3- الراشد ، على بن احمد ( 2001 ) ، بعض سمات الشخصية وأثرها على اداء المعلم في المرحلة الابتدائية ، الكويت ، المجلة التربوية ، المجلد ( 15 ) ، العدد ( 28 ) ، الكويت .

4- ربيع ، هادي عادل و ربيع هادي مشعان . (2006) ، التربية البيئية ، عمان : مكتبة المجتمع العربي

5- رمضان ، محمد جابر (2005) مجلات تربية الطفل في الأسرة و المدرسة من منظور تكاملي ، القاهرة ، عالم الكتب .

6- الوكيل،حلمي احمد والمفتى،محمدا امين(٢٠١٤)أسس بناء المناهج وتنظيماتها،الطبعة السابعة ،دار الميسرة للنشر والتوزيح والطباعة،عمان،الأردن.

7- حماد أفراح ، (2008) ، الوعي البيئي و ذكاء التناغم. مجلة البنون ، العدد (8) المجلس الأعلى للأمومة والطفولة ، اليمن .

8- حنا ، تودري مرقص و جورج ، جورجيت دميان ، (2005) قضايا و رؤيا معاصرة في تربية الطفل ، مصر ، الدار العالمية .

9- حيدر نصر حسن (1998) قضايا البيئة المعاصرة ، سوريا ، مطبعة العلاء .

10- الحسين ، ابراهيم عبد الكريم (2002) إعداد الطفل للتفوق ، سوريا : دار الرضا .

11- الحسين ، ابراهيم عبد الكريم (2001) مهارات التفوق الدراسي ، سوريا : دار الرضا .

12- بحري . منى يونس (2009) المهارات العملية لمربيات الحضانة ، الأردن : دار المسيرة .

13- بدوي ،بسمة كمال (2005) مالا نعلمه لأولادنا برمج طفلك إيجابيا دليل الصحة الجسدية و النفسية للأبناء . السعودية ، مركز الراية للتنمية الفكرية .

14- برعي ، مرفت (2006) برنامج مقترح لتنمية الوعي البيئي لدى الأطفال بتوظيف بعض الأنشطة الفنية و الموسيقية . دراسة مقدمة للمؤتمر العلمي الأول لكلية التربية النوعية ، جامعة المنصورة .

15- خلف ، أمل (2005) مدخل الى رياض الأطفال . القاهرة ، عالم الكتب .

16- الدعيلج ، ابراهيم عبد العزيز (2008) دور الحضانة و رياض الأطفال ( النشاة .الأهداف . المناهج . الإدارة ) الأردن ، مكتبة المجتمع العربي .

17- سفيان ، نبيل ، ( 2004 ) ، المختصر في الشخصية والارشاد النفسي ، ايتراك للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة – مصر .

19.شريف ، السيد عبد القادر (2007) إدارة رياض الأطفال و تطبيقاتها . ط2 ،عمان : دار المسيرة .الأردن .

20.العزاوي,رحيم يونس كردى ,(٢٠٠٧)المنهل في لحلوم التربويه:القياس والتقويم فى الحمايه التدريسيه،الطبحة الأولى،دار دجلة للنشروالتوزيح،عمان الأردن.

21.القمش،مصطفى البواليز،محمد المحايطة،خليل عبدالرحمن(٢٠٠٨)،القياس و التقويم فى التربية الخاصة،الطبحة الثانية،دارالفكر للنشرو التوزيح عمان-الأردن

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

ناوی شارەزایان و پسپۆڕان کە توێژەران ڕایان وەرگرتوون دەربارەی **پێوەرەکە**

| ژ | ناو | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | د. بان صباح یحیی | پەروەردە و دەروونزانی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 2 | د. سیناء احمد علی | دەروونزانی پەروەردەیی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 3 | د. سلوی محمد امین | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 4 | د. ڕەوا صالح محمد | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کۆمەڵایەتی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 5 | م. چیمەن حمزە درویش | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 6 | م. سروا علاء الدین | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 7 | م. شیرن کامل | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستی گشتی | پەروەردەی بنەڕەتی/ باخچەی منداڵان |
| 8 | د. ئەشقی سلیمان حسو | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستی گشتی | پەروەردەی بنەڕەتی/ زانستی گشتی |
| 9 | م. سارا احمد محمد امین | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستی گشتی | پەروەردەی بنەڕەتی/ زانستی گشتی |

**پاشکۆی ژمارە ( 2 )**

**پێوەری جیاوازی تاکایەتی**

**زانکۆی سەلاحەدین**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەشی باخچەی منداڵان**

**قۆناغی چوارەم / باسی دەرچوون**

**پێوەری تایبەت بە پسپۆڕ و شارەزایان**

**بەڕێز ........................................................... ماموستا :**

**سڵاو و ڕێز...**

**توێژەران دەیانەوێت توێژینەوەیەك ئەنجام بدەن بە ناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لەلای منداڵانی پێش قوتابخانە لە شاری هەولێر ) ،توێژەران پێوەرێکیان ئامادە کردووە ئەم پێوەرە لە ( 17 ) دەستەواژە پێك دێت, لەبەرئەوەی ئێوەی بەڕێز شارەزان لەم بوارەدا , داخوازین بیروڕای خۆتان دەربڕن دەربارەی بەکارهاتنی هەر دەستەواژەیەك لە دەستەواژەکانی پێوەرەکە و ڕاستکردنەوە و زیادکردنی هەر شتێك کە ئێوە بەشیاوی دەزانن .**

**بۆ زانین برێتی / بەدیلی پێوەرەکە ئەمانەن ( ڕازیم - تا ڕادەیەك ڕازیم - ڕازی نیم )**

**لەگەڵ ڕێزدا**

**سەرپەرشت**

**د. تانیا نورالدین صابر**

**توێژەران**

اسماء سرمند عثمان

ایمان کاکل عمر

| ژ | بڕگە | ڕازیم | تا ڕادەیەك ڕازیم | ڕازی نیم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماموّستا ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی دەکات لەنیّوان قوتابیانی پیّش قوتابخانە لە توانا جەستەییەکاندا . | | | |
| 2 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی دەکات لە توانا ئەقڵیەکاندا . | | | |
| 3 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی دەکات لە توانا جوڵەییەکاندا . | | | |
| 4 | ماموّستا ڕیّ بە قوتابی دەدات بوّ دەربڕینی ڕاو بوّچوون و قسەکردنی لەناو پوّلدا . | | | |
| 5 | ڕەچاوی جیاوازی بەهرەکانی قوتابی دەکات لەناو پوّلدا . | | | |
| 6 | ڕەچاوی جیاوازی فیّربوون دەکات لەنیّوان قوتابییەکانی یەك پوّلدا . | | | |
| 7 | ڕەچاوی پیّشکەوتنی کوّمەڵایەتی دەکات لەنیّوان قوتابیانی باخچەکەیدا . | | | |
| 8 | ماموّستای باخچە پاداشتی قوتابیان دەکات لە هەڵسوکەوتیان لەناو پوّلدا . | | | |
| 9 | ماموّستا ڕوّڵی جیاواز بە قوتابیان دەدات بوّ ئەوەی زیاتر هەست بە جیاوازی تاکایەتی بکات لەناو قوتابییەکانی . | | | |
| 10 | ئەو چالاکییانەی کە بە قوتابیان دەبەخشریّت دەبیّت لەگەڵ تەمەنیان بگونجیّت . | | | |
| 11 | قوتابییان دابەش دەکریّن بوّ کوّمەڵی جیاواز تاکو زیاتر هەست بە جیاوازی تاکایەتی بکریّت لە نیّوانیاندا . | | | |
| 12 | ئەو قوتابیانەی بلیمەتن چالاکی قورستریان پیّ ئەنجام دەدریّت لەچاو قوتابییە هاوپوّلەکانیان . | | | |
| 13 | کەس و کاری قوتابیان یارمەتیدەر نین تاکو باخچە بتوانیّت زیاتر گرنگی بە جیاوازی تاکایەتی بدات . | | | |
| 14 | نەبوونی هوّڵی تایبەت و نویّ بوّ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە زانینی جیاوازی تاکایەتی پیّویستی پیّیەتی . | | | |
| 15 | نەبوونی پاڵپشت و پاراستنی دارایی و مەعنەوی بوّ ئەو قوتابییانەی بەهرە و زیرەکییان بەهوّی جیاوازی تاکایەتی بەدیاردەکەویّت . | | | |
| 16 | ئەنجامدانی کوّڕ و سیمینار و خول بوّ ماموّستایان و بەڕیّوەبەرانی باخچەکان بوّ زیاتر ئاشنابوون بە جیاوازی تاکایەتی لە نیّوان منداڵانی باخچەکان . | | | |
| 17 | ئەنجامدانی پیّشبڕکیّ لەنیّوان باخچەکان یان پوّلەکانی ناو یەك باخچە بوّ زیاتر هاندانی جیاوازی تاکایەتی لە نیّوان قوتابییان و دوّزینەوە و ئاشکراکردنی قوتابییە بەهرەدار و بلیمەتەکان . | | | |

زانكۆی سەلاحەدین
كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

**بەرێوەبەرانی خۆشەویست**

**سڵاو و ڕێز ...**

**ئەوەی لەبەردەستتدایە پێوەرێكە لە ( 17 ) بڕگە پێكدێت كە بەگشتی پێوانەی تۆ دەربارەی دەپێوێت , وەڵامدانەوەت بۆ هەریەك لەبڕگەكان تەنها بۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە دەگەیەنێت , چونكە هیچ وەڵامێك بە هەڵە و ئەویتر بە ڕاست دانانرێت .**
**لەسەر تۆی بەڕێزە هەموو بڕگەكان بەوردی بخوێنیتەوە پاشان نیشانەی (×) لەژێر یەكێك لەبەدیلەكان دابنێ كە بۆچونی تۆ زیاتر لەوانی تر دەگەیەنێت , هەروەك ئەم نموونەیە:**

| ز | بڕگە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | × |

**سوپاس بۆ هاوكاریتان**

توێژەران